سەید حەکیم بە شاندێکی ئەوروپی : فرەیی عێراق سەرچاوەی هێز و دەوڵەمەندکردنی ناسنامەی نیشتمانییە

ammaralhakeem.com

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لەنووسینگەی خۆی چاوی کەوت بە شاندێکی ئەوروپی ئاست بەرز کە پێکهاتبوو لە چەندین ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی چەندین ولات و چەندین رۆژنامەنووس و چالاکوانی پسپۆر لە بواری پێکهاتەکان.
شاندەکە پێکهاتبوو لە بەڕێز سیورور سکالە سیاسەتمەدار و نووسەر و رۆژنامەنووس لە دورگەکانی قارۆ کە سەر بە دانیمارکە لەگەڵ دکتۆر کیم هارتزرنر پزیشکی دانیمارکی و مستەر نیلز بیرکیموزە رۆژنامەنووس و میدیاکاری دانیمارکی و چالاکوان لە بواری مرۆیی، لەگەڵ بەڕیز بیرگر ئەرسەن
سیاسەتمەداری ئیسلەندی و ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران لەگەڵ عەسان ساکا چالاکوانی عێراقی و شوان سەباح بەرێوەبەری ڕێکخراوی ڕێزان بۆ گەشەپێدان لەم دیدارە باس لە دۆخی پێکهاتەکان کرا، لەم دیدارە سەماحەتی گوتی پێکهاتەکان لە عێراق سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونی ڕاستەقینەی کەلتووری عێراقن، ئەوان بە ژمارە ناپێورێن بەڵکو بە کاریگەری و رۆڵیان لە کۆمەڵگەی عیراقیدا، .

سەید حەکیم جەختی لەوە کردەوە کە عێراق خاکی فرەچەشنییە و هێزەکەی لەم فرەچەشنییەدایە. ناوبراو داوای کرد کە ئەم فرەچەشنییە بە ژیرانە بەڕێوەبچێت بە گۆڕینی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی عێراق بۆ پردی ئاڵوگۆڕی کولتووری کە عێراق بە ژینگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوە دەبەستێتەوە، لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، سەماحەتی بانگەوازی خۆی دووپاتکردەوە بۆ داخستنی مەلەفی سەر ئاوارە و ڕەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بۆ گەڕانەوەیان بۆ شار و گوندەکانیان...